# تاوەرەکانی مۆبایل
# کاریگەرییان لەسەر ژینگەو مرۆڤ





**ئەندازیار**
**عەبدولرەحمان سدیق**
**وەزیری پێشووی ژینگەی عێراق**

ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت قسەو باسێکی بەرایی لەسەر تاوەرەکانی مۆبایل و کاریگەرییە ژینگەیی و تەندروستیەکانی بکرێت، بە ئومێدی ئەوەی باس و توێژینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارانی وەک گەیاندن و ژینگەو تەندروستی و شارەوانیی و پلاندانان و مافی مرۆڤ و کۆمپانیاکانی مۆبایل .

سەبارەت بە بوونی کاریگەریی نێگەتیڤ یان نەبوونی، هێشتا ئەوە یەکلانەبۆتەوە بە شێوەیەکی ڕەها کە ئایا تاوەرەکانی مۆبایل کاردەکەنە سەر ژینگەو تەندروستی مرۆڤ یان نە و؟

لەسەر تاسەری جیهاندا لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن، هەندێک ئەنجامی ئەو لێکۆڵنەوانە وا پێشان دەدات کە تاوەرەکان هۆکارن لە دروست بوونی پیسبوونی کارۆ موگناتیسی، لە ئەنجامی دەرکردن، وەرگرتنی بڕێکی زۆری شەپۆلەکارۆ موگناتیسییەکان، هەر ئەو لێکۆڵینەوانەش دەڵێن کە ئەو شەپۆلانە کاریگەریی بەرچاویان دەبێت لە ئایندەدا بۆ تووشبوونی مرۆڤ بە نەخۆشیەکانی مێشک و سەرئێشە و نەزۆکی و بیرچوونەوەی لەسەر خۆو، هتد.

هەر ئەم لێکۆڵینەوانە باس لەوە دەکەن کە تاوەرەکان سەرچاوەی شەپۆلە نائایۆنیەکانن کە کاریگەرییان نێگەتیڤە لەسەر مرۆڤ، بەڵام دواجار داواش دەکات کە پێویستە توێژینەوەی دی ئەنجام بدرێت بۆ زانینی شەپۆلە کارۆموگناتیسیەکان لە سێ بواری :

لەرەلەرەکان، وزە و درێژیی شەپۆل، بە مەبەستی دیاریکردنی جۆری تیشکەکان .

هەندێکی تر لە توێژینەوەکان وایان دەرخستووە کە تاوەرەکان کاریگەریی نێگەتیڤی ئەو تۆیان

نییە لەسەر ژینگەو مرۆڤ جگە لە کاریگەریی بەرزکردنەوەی پلەی گەرمی بەرێژەی (0.1) پلەی سەدی.

لەگەڵ هەردوو ئەنجامەکەشدا ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی (W H O) داوا دەکات لە ڕێی (پرۆگرامی خۆ پاراستن لە تیشکە کارۆ موگناتیسیەکان) سەر بەخۆیەوە بە دانانی سنوورێک بۆ هاوکۆلکەی سەلامەتی لەبەرامبەر ماددە تیشکاوەرەکانەوە. لە نێوان هەردوو بۆچوونەکانیشدا، هەتاکاتی یەکلابوونەوەی تەواوی مەسەلەکە، وڵاتانی جیهانی کۆمەڵێک ڕێنمایی و بڕیاریان پەسەند کردووەو کاری پێدەکەن لە بواری دانانی تاوەرەکانی مۆبایلەوە، لەوانەش :-

1. پێویستە بەرزی ئەو بینایەی کە تاوەری لەسەر دادەنرێت لە نێوان (15 - 50) مەتر بێت.
2. لە سنووری بازنەیەکدا کە نیوەتیرەکەی (10) مەتر بێت دەبێت تاوەرەکە بەروتر بێت لەگشت خانووبەرەو بیناکانی دەوروبەری .
3. پێویستە سەربانی بیناکە لە کونکرێت بێت (Reinforced Concrete).
4. کەمترین دووریی نێوان دوو تاوەر لەسەر هەمان بینا لە (12) مەتر نابێت کەمتر بێت .
5. دووریی نێوان لەشی مرۆڤ و تاوەرەکان، لە دیوی ئاراستەی سەرەکی تیشکەکانەوە، نابێت لە (12) مەتر کەمتر بێت .
6. تاوەرەکان لە هەموو لایەکەوە بە بەربەستی کانزایی دەورە بدرێن.



7. ئەو پەڕی چڕی توانا، نابێت لە (004)مللی وات / سم2 زیاتر بێت بە پێی کۆمەڵەی ئەندازیارانی کارەبایی و ئەلکترۆنی ئەمریکی.
8. بەکار هێنانی تاوەری گەورەی نوێ و کاریگەر بە ژمارەیەکی کەم و، دوور لە دانیشتووان، لە بری تاوەری نزم و بچوک و زۆری نێو گەڕەکەکان، هەروەکو ئوسترالیا ئێستا تاوەری نەوەی سێیەم بەکار دەهێنێت کە تیشک دەردانی کەمترە لە تاوەرەکانی نەوەی دووەم 2G.
9. وەرگرتنی ڕەزامەندیی دانیشتووانی ئەو شوێنەی کە تاوەرەکەی لێوە نزیکە، چونکە زیانەکانی ئەو تاوەرانە بۆ ژێر خۆی نییە بەڵکو بۆ ئەو شوێنانەیە کە لە ئاستی تاوەرەکەداو لە دەوروووبەرین.
10. لە حاڵەتی بوونی قوتابخانەدا، پێویستە دووریی نێوان تاوەرو قوتابخانەکان لە (20) مەتر کەمتر نەبێت، چونکە منداڵانی خوار (16)ساڵ ناسکترن لە بەرامبەر زیانەکانیدا .
11. دیاریکردنی ژمارەی تاوەرەکانی هەر کۆمپانیایەک لە لایەن وەزارەتەوە .

لە کۆتاییدا جێگەی خۆیەتی کە ئاماژە بە ڕۆڵی زانکۆکان بکەین لەم بوارەدا، کە ئێستا لە جیهاندا بەشی (فیزیا) لە کۆلێژی زانستدا لە زۆربەی وڵاتان خەریکی توێژینەوەن لەسەر کاریگەریی تاوەرەکان لەسەر ژینگەو مرۆڤ ، بۆیە جێگەی خۆیەتی کە زانکۆکانی لای خۆشمان بەم کارە هەستن.